# خاوەن مەقام عەممار حەکیم لەطەڵ باڵوێزی تورکی ثەیوەندییە دووقۆڵییەکانی تاوتوێکرد بەشێوەیەك بەرذەوەندی و سەروەری هەردوولا بثایزێت

سەرۆکی هاوثەیمانی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی، عەممار حەکیمی خاوەن مەقام رۆذی سێشەممە (2021-06-22) لە نوسینطەکەی خۆی لە بەغداد ثێشوازیکرد لە باڵوێزی تورکیی نوێ، جەنابی (عەلی رِەزا عوناي) تاووتوێی ثەیوەندییەکانی هەردوولایان کرد، سەرەڕای طۆڕینەوەی سەرنجەکانی خۆیانیان سەبارەت بە ثەرەسەندنی دۆسیەی هەرێمی و کاردانەوەی لەسەر وڵاتانی ناوضەکە، لەوانەش عێراق. خاوەن مەقام جەختیکردەوە لە بایەخدان بە ثێشخستنی ثەیوەندییەکانی هەردوولا بەشێوەیەك بەرذەوەندییەکانی هەردوو میللەتی دۆست بەدەستبهێنێت و سەروەری هەر وڵاتەش ڕێزی لێبطیرێت، دەریخست کە ئاساییشی نەتەوەیی ئەرکێکی هاوبەشی هەردوو وڵاتە، بەشێوەیەك برەوثێدان و بەردەوامی ضێکردنی ئەمنی هاوبەش دەخوازێت. خاوەن مەقامیشی دەریخست کە عێراق ثەرۆشە بۆ ثەیوەندیی باشتر لە طەڵ جیهان و ثەیوەندیی قوڵتر و ثتەوتر لەطەڵ وڵاتانی دراوسێ. زیاد لەوەش وتی" ئەوە ڕێبەزیکردنی سەرجەم ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان دەخوازێت بۆ بەدەستهێنانی بەرذەوەندی هەردوو وڵات". لەڕووی ( هەرێمی) یشەوە خاوەن مەقام ئاماذەی دا بە ثەیامە دڵنیاکارە ئاڵوێرکراوەکانی نێوان دۆستانی ناوضەکە، دەریخست کە عێراق ڕۆڵی طرنط دەبینێت بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکان و ثاڵ بەهەمووانیشەوە دەنێت بۆ طۆڕەثانی طفتوطۆ، داوای لە وڵاتانی ناوضەکە و جیهانیش کرد کە بەرطەی لبێثرسراوێتی بطرن لە هێورکردنەوەی دۆخەکان کە هەمووان لێی بەزیان بوون.